
# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٦

نیسان- حوزەیران ٢٠٢٢

IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

## دیارخراوەکان




شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕاپۆرتی سەرەکی گەڕی ١٢٦ لەماوەی نێوان ١ی نیسان تا ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٢٢ ئەنجامدرا و تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی (٤,٩١٩,٧٨٨) گەڕاوەی کرد (لە ٨٢٨,٢٩٨ خێزان دا)، کە بەسەر ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,١٩١ شوێن دابەشببوون لە عێراق دا. بەکۆی گشتی،(١٠,٠٧٤) گەڕاوەی تازە تۆمارکران لەم ماوەیەدا. ئەم ژمارەیەش بەرزترە لە ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم بۆ ئاداری ٢٠٢٢ تۆمارکران کە (٧,٤٨٢) گەڕاوەبوون. ئەم زیادبوونەش بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەوەوە بووە کە تیمەکانی کۆکردنەوەی داتای (DTM) توانیان دەستیان بە چەند شوێنێک بگات لە پارێزگای نەینەوادا کە پێشووتر دەستیان پێینەگەیشتبوو. لەماوەی نێوان ١ی نیسان تا ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، بەرزترین ژمارەی گەڕاوانی تازە لە پارێزگای نەینەوادا تۆمارکرا بە (٤,٨٢٤) گەڕ اوە، ئینجا لە پارێزگای سەڵاحەددین بە (٢,٢٦٢)، پاشان دیالە بە (١,٢٦٠) و دوایش لە ئەنبار بە (١,١٨٨) گەڕاوەی تازە.

لەپاڵ ئەمەشدا، هەر لەنێوان ١ی نیسان تا ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، (DTM) بەکۆی گشتی دەستنیشانی (١,١٧٧,٢٣٤) ئاوارەیانکرد لە (٢٠٢,٢٠٦) خێزان دا کە بەسەر ١٨ پارێزگا، ١٠٥ قەزا و ٢,٧٩٢ شوێن دا بڵاوببوونەوە.

ئەمەش کەمبوونەوەیەکی گشتی لە ژمارەی ئاوارەکان نیشاندەدات بە (٧,٥٨٤) ئاوارە لەوەتەی ماوەی نێوان کانوونی دووەم بۆ ئاداری ٢٠٢٢. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دەدرێتە پاڵ ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە لەژیان گوزەرانی ناوچەکانی گەڕانەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی کار لە ناوچەکانی ئاوارەبوونیان دا. سەبارەت بە ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان، هاوشان وهاوتەریبی گەڕی پێشووە، کە لە ٪٥٦ی حاڵەتەکانی ئاوارەکانی ئێستا لە پارێزگای نەینەوان بە (٦٦٠,٩١٤) کەس، بەتایبەتی لە قەزاکانی ناوەندی موسڵ بە (٢٤٢,٦٩٧)، شنگال بە (١٨٣,٢٧٤) و بەعاج بە (١٨٣,٢٧٤). دووەم بەرزترین ڕێژەکانی ئاوارەکانیش لە پارێزگای سەڵاحەددین بە کۆی گشتی (١٣٥,١٥١) لە (٪١١)، ئینجا ئەنبار بە (١٣١,٦٧٧) لە (٪١١)، پاشان کەرکووک بە (٧٥,٨٩٢) لە (٪٦) و دوایش دیالە بە (٧٣,١٦١) لە (٪٦).

## ئاوارەکان

| | |
|---|---|
| ١,١٧٧,٢٣٤ کەس | ٢٠٢,٢٠٦ خێزان |
| ١٨ پارێزگا · ١٠٥ قەزا | ٢,٧٩٢ شوێن |

## گەڕاوەکان


| | |
|---|---|
| ٤,٩١٩,٧٨٨ کەس | ٨٢٨,٢٩٨ خێزان |
| ٨ پارێزگا · ٣٨ قەزا | ٢,١٩١ شوێن |

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

ئـەم گـراف و هێڵکاریانـەی خـوارەوە ئەمانـە نیشـاندەدەن: ١. ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە هەمـوو ئـەو پارێزگایانـەی کـە لێیـەوە ئاوارەبـوون، ٢. ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە هـەر قەزایـەک، ٣. ڕێـژەی ئـاوارە ناوخۆییەکانـی هـەر پارێزگایەکـی زێـد بـۆ هەریەکێـک لـە پارێزگاکانـی ئاوارەبـوون:


## نەینەوا

٢٥١,٤٥١ ئاوارە





## دهۆک

٢٤٩,١١٩ ئاوارە





## هەولێر

٢٣١,٩٢٦ ئاوارە





## سلێمانی

١٣٨,٦٤٧ ئاوارە





## کەرکوک

٩٢,٠٣٤ ئاوارە





## سەڵاحەدین

٥٤,٣٦٠ ئاوارە





## دیالە

٤٤,٢١٩ ئاوارە





## ئەنبار

٣٤,٧٢٢ ئاوارە




## بەغداد
٢٦,٩٩٤ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## بابل
١٦,٣٠٨ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد، دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەربلا
١٠,٧٢٢ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## نەجەف
٨,١٦١ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## بەسرا
٥,٣٠٤ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




## واست
٤,٢٩١ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




## قادسیە
٣,١٤٤ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## زیقار
٣,٠٨٤ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## میسان
١,٨٤٢ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون





◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا
٨٤١ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




◄ پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

# تازەترین ڕەوشی ئاوارە ناوخۆییەکان

**تێکڕای شێوە و فیگەرەکانی ئاواران:** لەماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، (DTM) دەستنیشانی (١,١٧٧,٢٣٤) ئاوارەی کرد لە (٢٠٢,٢٠٦) خێزان دا کە لەسەرانسەری ١٨ پارێزگای عێراق دا بڵاببوونەوە، لە ١٠٥ قەزا و ٢,٧٩٢ شوێن دا. ئەمەش کەمبوونەوە لە ژمارە ئاوارەکان نیشاندەدات بە (٧,٥٨٤) کەس، بە بەراورد بەژمارە ئەو ئاوارانەی کە لەماوەی نێوان کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٢ دا تۆمارکرابوو. بەرچاوترین و زۆرترین کەمبوونەوەش لەژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی (-٢,٨٧٥)، سەڵاحەددین (-١,٨٥٤) و نەینەوا (-١,٠٠٠) دا تۆمارکران. لە بەرانبەردا، زۆرترین بەرزبوونەوە لە ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگاکانی کەرکووک (٦٢٤)، بەغدا (٤٧٤) و دهۆک (١٧٠) تۆمارکران.

**جوڵەو جموجۆڵی ئێستای ئاوارەکان:** سەرەڕای ئەوەی کە بە تێکڕا کەمبوونەوە لە ژمارەی ئاوارەکان دا ڕوویداوە لە سەرانسەری وڵاتدا، کۆی گشتی (٨,٥٨٥) ئاوارەی دیکە گەیشتوونەتە شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان لەماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا. لەنێو ئەم گروپە ئاوارانەش دا، (٧٠٢ ) کەسیان بۆ یەکەم جاریان بوو ئاوارەببن، لەوکاتەی(٦,٤٩٨) کەسیان لە شوێنی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتبوون و (١,٣٨٥) کەسیشیان جارێکی دیکە شوێنیان گۆڕی بوو.

تا ئێستا، بەرزترین ژمارەی ئاوارە تازە گەیشتووەکان گەیشتوونەتە پارێزگای نەینەوا بە (١,٧٩٦) ئاوارە. زۆربەی ئەو ئاوارانەش (١,١٦٦) یان لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون، (٦٣٠) یان لەو شوێنانەی کە بەم دواییانە بۆیان گەڕابوونەوە ئاوارەببوونەوە. ژمارەیەکی زۆریشیان گەیشتنە پارێزگای سلێمانی (١,٥٢٤) یان، زۆربەی هەرەزۆریان لە شوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتبوون (٨٤٦) یان، (٥٤٦) شیان یەکەمین جاریانبوو ئاوارەبن، لەکاتێکدا(١٣٢) لەوشوێنانەوە ئاوارەببوون کە بەم دوایانە بۆی گەڕابوونەوە. هەروەها (١,٣٧٦) ئاوارەی تازە گەیشتنە پارێزگای دهۆک کە، (٧٨٩) یان لە شوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتبوون، (٥٨٧) لەو شوێنانەوە ئاوارەببون کە شوێنی زێدی خۆیانبوون و تازە بۆی گەڕابوونەوە. لەگەڵ ئەمانەش دا، (١,٠٣٩) ئاوارەی تازە گەیشتنە هەولێر کە لە شوێنی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتبوون. لە پاڵ ئەمانەشدا، لە ماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، بە کۆی گشتی (١,٣٨٥) ئاوارە شکستیان هێنا لە گەڕانەوەیان بۆ پارێزگای زێدیان و جارێکی دیکە ئاوارەبوونەوە.

**ناوچەکانی زێدی ئاواران:** لە ٪٥٦ی ئاوارەکانی ئێستا لە بنەڕەتدا هی پارێزگای نەینەوا (٦٦٠,٩١٤)، بەتایبەتیش هی ئەم قەزایانەن: ناوەندی موسڵ (٢٤٢,٦٩٧)، شنگال (١٨٣,٢٧٤) و بەعاج (١٠٣,٧٣٦). دووەم و سێیەم بەرزترین ڕێژەکانی ئاوارەبوونیش هی هەردوو پارێزگای سەڵاحەددین (١٣٥,١٥١) لە (٪١١) و ئەنبار (١٣١,٦٧٧) لە (٪١١) بوون. بەرزترین قەزاکانی زێدش بریتین لە توزخورماتوو بە (٣٥,٣٧٩) و بەلەد بە (٢٦,٥٤١) لە پارێزگای سەڵاحەددین دا و، ڕوومادی (٦١,٥١٧)، فەللوجە (٤٣,٦١٥) و قائیم (٩,٣١٧) و ڕوتبە (٦,٠٢١) لە پارێزگای ئەنباردا.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون:** لە تەواوی عێراق دا، لە ٪٧٦ی کەسانی ئاوارە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین (٨٩٠,٤٤٨)، لە ٪١٥یان لە کامپەکان دا دەژین (١٨٠,٠١٠)، لە ٪٩شیان (١٠٦,٠١٤) لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین. لەماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا. نزمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو ئاوارانە دا ڕوویدا کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین (-١٠,٩٩٢ ). هەروەها ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین بەرزبۆوە بۆ (٢,٧١٨) و ژمارەی ئەو ئاوارانەشی کە لە کامپەکان دا دەژین بەرزبۆوە بۆ (٦٩٠) لەم گەڕەدا. (٦٥٠) ئاوارەی دیکەش بۆ دهۆک، (١٧٠) بۆ نەینەوا و (٨٠) بۆ هەولێر هاتن.

لەبەرانبەردا، ژمارەی ئاوارەکانی پارێزگاکانی سلێمانی بە (-٢٠٥) و دیالە بە (-٥) کەمبوونەوە. بەکۆی گشتی، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکانی کامپەکان بە (٦٩٠) کەس لەم گەڕەدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوو لە بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکانی کامپەکان لەگەڕی پێشووتردا کە لە ماوەی کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٢ تۆمارکرابوو.

هەروەها، لەماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢، بەکۆی گشتی (١٠٦,٠١٤) ئاوارە تۆمارکران کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان، ئەمەش دەکاتە لە ٪٩ی کۆی گشتی ئاوارەکان لە تەواوی وڵات دا. ئەم ژمارەیەش زیادبوونە لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین بە (٢,٧١٨) ئاوارە زیادبوو لەوەتەی گەڕی پێشووەوە (لە کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٢). لەسەر ئاستی پارێزگاشدا، پارێزگای ئەنبار زۆرترین ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەخۆگرتووە کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین بە (٢٢,٠٦٨) ئاوارە، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی (-٨١٠) ئاوارە لەوەتەی گەڕی پێشووەوە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو ئاوارانەی لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای دهۆکن (٢٠,١٨٤) کە (٦١٨) ئاوارەی کەمترە لە گەڕی پێشوو، ئینجا لە پارێزگای نەینەوا بە (١٨,٠٧٢) کە (١٣٢) ئاوارەی زیاتر لە گەڕی پێشوو، پاشان ئاوارەکانی پارێزگای سەڵاحەددین (١٦,١١٠) کە (٣٩٦)ی کەمتر لەوەتەی گەڕی پێشووەوە. لەسەر ئاستی قەزاشدا، ئەو قەزایانەی کە بەرزترین ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان لە خۆگرتووە بریتین لە: سێمێل (١٦,٨٩٦) لە پارێزگای دهۆک، فەللوجە (١٦،٨٥٤) لە پارێزگای ئەنبار و قەزای ناوەندی کەرکووک بە (١١,٣٨٢) لە پارێزگای کەرکووک و قەزای ناوەندی موسڵ بە (٧,٣٠٨) لە پارێزگای نەینەوادا.

سەرەڕای ئەمانە، ٩١ شوێنی دیکەش هەن لە سەرانسەری ٤٠ قەزدا کە تیایاندا ئاوارەکان لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ ژیان دەگوزەرێنن. زۆرترین ژمارەی ئەو شوێنانەش لە قەزای فەللوجەیە (١٩) شوێنە لە پارێزگای ئەنباردا، کە بە هەموویان ١٤,٦٠٤ ئاوارەیان تێدا نیشتەجێیە. (٢,٢٩٨) ئاوارەش لە یەک شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا لە قەزای سێکێلی پارێزگای دهۆک دا. هەموو ئاوارەکانی هەر سێ شوێنی قەزای ڕوومادی پارێزگای ئەنبار ژمارەیان (٤,٦٠٢) ئاوارەوە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین، هەروەها لەو پێنج شوێنە تەواوی (٤,٧٦٤) ئاوارەی نیشتەجێی قەزای محمودیەی پاریزگای بەغدان کە لە هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین.

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی ئاواران



# خستنەڕوویێکی گشتی گەڕانەوەکان

ئـەم گـراف و هێلکاریانـەی خـوارەوە ئەمانـە نیشـاندەدەن: ١. ژمـارەی گـەڕاوەکان لـە هەمـوو پارێـزگاکان، ٢. ژمـارەی گـەڕاوەکان لـە هـەر قەزایـەک، ٣. ڕێـژەی گەڕاوەکانـی هـەر پارێزگایـەک لـە پارێزگاکانـی ئاوارەبـوون.

## نەینەوا

١,٩٣٤,٤٦٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون





ئەوانی تر: نەجەف، کەربەلا، بەغدا، بابل، کەرکووک، واسیت، سلێمانی، سەڵاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە، ئەنبار

## ئەنبار

١,٥٤٤,٣٤٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەڵاحەددین، دهوک، کەربەلا، نەینەوا، دیالە


## سەڵاحەددین

٧٤٣,١٤٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون





ئەوانی تر: نەینەوا، سلێمانی، بەغدا، دهوك، بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار، واسیت

## کەرکووک

٣٥٢,٠٥١ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون





ئەوانی تر: هەولێر، نەینەوا، بەغدا، بابل

## دیالە

٢٤٠,٦٤٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: بەغدا، هەولێر، کەربەلا

## بەغداد

٩٣,١٣٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




ئەوانی تر: سلێمانی، کەربەلا، مِیسان

## هەولێر

٦١,٢٦٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون




## دهۆک

٧٥٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە




◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون



# تازەترین ڕەوشی گەڕاوەکان

**تێکڕای فیگەر و شێوەکانی گەڕانەوە:** لە ماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٤,٩١٩,٧٨٨) گەڕاوەی دەستنیشانکرد (٨٢٨,٢٩٨) خێزان) لەسەرانسەری ٨ پارێزگادا، ٣٨ قەزا لە ٢,١٩١ شوێن دا لە تەواوی عێراق دا. بە کۆی گشتی (١٠,٠٧٤) گەڕاوەی تازە لەم گەڕەدا تۆمارکران، کە ئەم ژمارەیەش زیاترە لە ژمارەی ئەو تازە گەڕاوانەی کە لە گەڕی پێشوو لە ماوەی نێوان کانوونی دووەم بۆ ئاداری ٢٠٢٢ تۆمارکرابوو کە (٧,٤٨٢) کەس بوون. شیاوی باسە، ئەم ژمارەیەش یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکانی گەڕانەوە لەوەتەی حکومەتی عێراق شکستپێهێنانی داعشی ڕاگەیاندووە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ دا. دەکرێت نزمی ئەم ڕێژەی گەڕانەوەش بدرێتە پاڵ ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبنەوە کە تا ئێستا لە ئاوارەیدان کاتێک دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان.

ئەو پارێزگایانەی کە بەرزترین ڕێژەکانی گەڕانەوەیان تێدایە بریتین لە: نەینەوا (١,٩٣٤,٤٦٠) کە (٤,٨٢٤) گەڕاوەی تازەی ئەم گەڕەی ئێستا بوون، ئەنبار (١,٥٤٤,٣٤٠) کە (١,١٨٨) کەسیان گەڕاوەی تازەی ئەم گەڕەی ئێستا بوون، ئینجا سەڵاحەددین (٧٤٣,١٤٢) کە (٢,٢٦٢) کەسیان گەڕاوەی تازەی ئەم گەڕەی ئێستا بوون. هەروەها، لەماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، (DTM) بەکۆی گشتی (١,٤١٦) گەڕاوەی تازە لەکامپەکانەوە دەستنیشانکرد کە، ئەم ژمارەیەش زیاتر لە دوو جار لەو ژمارەی لە ماوەی نێوان کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٢ دا تۆمارکرابوو لەگەڕی پێشوودا کە (٦٦٦) کەس بوون زیاترە. زۆربەی کەسانی ئەم گروپە گەڕاوانەی تازەش هی پارێزگای نەینەوابوون، قەزاکانی شنگال (٢٤٠) و بەعاج (١٨٠)، لەگەڵ قەزاکانی قائیم و فەللوجە هەریەکەیان بە (١٨٦) و (١٨٠) لە پارێزگای ئەنباردا.

هەروەها، لەم گەڕەی ئێستا دا، چەندان گەڕاوەی شوێنەکانی قەزای شنگالی پارێزگای نەینەوا تۆمارکران کە پێشووتر هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیبوو. لەپاڵ ئەمەش دا، هەموو ئەو ١٩ خێزانەی کە بۆ ئەو شوێنانە گەڕابوونەوە، بە ئاوارەیی چووبوونەوە ئەو شوێنانەی گەڕانەوە و جارێکی دیکە هەر ئاوارەبوون، بۆیە جارێکی دیکە ئەو شوێنانەوەی گەڕانەوە بێ گەڕاوە دادەنرێن. ئەم ناوچانەش لە قەزای هەترە (١٢) شوێن، قەزای ناوەندی موسڵ (١) شوێن لە پارێزگای نەینەوادا، ڕاشد (٢) شوێن و داقوق (١) شوێن لە پارێزگای کەرکووک دا، توزخورماتوو (٣) شوێ، لە پارێزگای سەڵاحەددین دا. سەرەڕای ئەمانەش، تیمەکانی داتا کۆکردنەوەی (DTM) زانیاری تازەیان لەسەر ئەو شوێنانە کۆکردنەوە کە هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیووە، شوێنەکانیش: (٣) شوێن لە قەزای بەعاج-ی پارێزگای نەینەوا، (١) شوێن لە قەزای داقوق-ی پارێزگای کەرکووک کە، پێشووتر دەستیان بەو شوێنانە نەگەیشتبوو.

**فیگەر و شێوەکان لەسەر ئاستی قەزادا:** هاوشێوەی گەڕەکانی پێشوو، قەزای ناوەندی موسڵ لە پارێزگای نەینەوادا هەر بەرزترین ڕێژەی گەڕانەوەکانی هەبووە بە کۆی گشتی (١,٠٧٠,٧٧٢) گەڕاوە لە (٢٢٪)ی کۆی گشتی حاڵەتەکانی گەڕانەوە، لەم ژمارەیەشدا (٢,٠٢٢) گەڕاوەی ئەم گەڕەی ئێستان. قەزای ڕوومادی لە پارێزگای ئەنبار دووەم بەرزترین ڕێژەی گەڕانەوەی تێدایە بە (٦٠١,٩٤٤) دەکاتە لە (١٢٪)ی کۆی گشتی گەڕاوان و لەو ژمارەیەشیان دا ٢١٠ کەسیان گەڕاوەی تازەی ئەم گەڕەی ئێستان. سێیەم بەرزترین ڕێژەی گەڕانەوەش لە قەزای فەلووجەی پارێزگای ئەنبارە بە (٥٧١,٢٠٦) کە دەکاتە (١١٪)ی کۆی گشتی حاڵەتەکانی گەڕانەوە و لە نێویشیان دا (٣٧٢) یان گەڕاوەی تازە تۆمارکراوی ئەم گەڕەی ئێستان.

لە بەرانبەردا، ژمارەیەکی بەرچاوی گەڕاوانیش بۆ قەزای بەعاج گەڕاونەتەوە لە پارێزگای نەینەوادا (٥٥,٤٣٤) لە (١٪) کۆی گشتی گەڕاوان کە، (١,٣٦٢) گەڕاوەی تازە تۆمارکراوی ئەم گەڕەی ئێستان. لە ماوەی ئەم گەڕەدا بەرزترین ژمارەی گەڕانەوە لە قەزای حەمدانیەی پارێزگای نەینەوا دا تۆمارکرا بە (٢,٢٢٠) کەس و کۆی گشتی گەڕاوانی ئەم قەزایەی گەیاندە (١٧٢,٤١٦) کەس.


ژمارەیەکی بەرزی گەڕانەوەش لە قەزای خانەقینی پارێزگای دیالە دا تۆمارکرا بە (١,٠٩٢) کە ئەمە کۆی گشتی گەڕاوانی پارێزگای دیالەی گەیاندە (١٠٤,٦٩٤) گەڕاوە، هەروەها قەزای بێجیش ژمارەیەکی زۆر گەڕاوەی هەبوو کە (٧٣٢) کەس بوون کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوانی لەپارێزگای سەڵاحەددین دا گەیاندە (١٢٧,٥٨٤) گەڕاوە.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە:** تا ماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا، (١٥,٣٢٤) گەڕاوە دەستنیشانکران کە گەڕابوونەوە ناوچەکانی زێدیان کە (١٠,٠٢٠) کەسیان گەڕاوەی تازە بوون کە لە ئاوارەیی دا گەڕابوونەوە، لەوکاتەی (٥,٣٠٤) کەسیان پێشووتر گەڕابوونەوە بۆ ئەو ناوچانەی زێدیان و (٣٨٤) یان لە شوێنی حەوانەی تایبەتەوە گەڕابوونەوە و (٤,٩٢٠) شیان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپەوە گەڕابوونەوە. ئەم جوڵەو جموجۆڵانەش کۆی گشتی گەڕاوان بۆ ناوچەکانی زێدیان گەیاندە (٤،٧٦٦،١٩٤) لە (٩٦٪) گەڕاوان کە (١٨٩,١٦٢) لە (٤٪) یان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا و (١٣,٨٧٨) لە (<١٪) لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت دان.

بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای سەڵاحەددین-ە بە (٦٣,٢١٠) دەکاتە لە ٣٤٪ی کۆی گشتی گەڕاوانی وڵات. زۆربەی گەڕاوانی ئەم پارێزگایەش هی قەزاکانی تکریت (٢٢,٣٨٦)، بێجی (١٦,٦٣٨) و شەرگات (٨,٥١٤) بوون. هەروەها، (٥٤,٣٩٦) گەڕاوای دیکەش لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای نەینەوا دا (لە ٢٨٪ی) کۆی گشتی ئەو گەڕاوانەی کە لەم جۆرە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونە دا دەژین. زۆربەی ئەو گەڕاوانەش هی قەزای ناوەندی موسڵن (٣١,٦٨٦)، ئینجا هی شنگال (٧,٧٤٦)، پاشان بەعاج (٥,٦٤٦) کەس بوون. ژمارەیەکی زۆری ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای ئەنبارە (٣٩,٧١٤) لە (٢٠٪)ی گەڕاوانی ئەو پارێزگایە، کە هی قەزاکانی ڕوومادی (١٤,٠٦٤)، فەللوجە (١٣,٦٤٤) و قائیم (٨,٠٠٤) بوون. شیاوی باسە، پارێزگای دیالەش (٢٤,٢٦٤) گەڕاوەی هەبوو کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دەژین و زیاتر لە نیوەی ئەم ژمارەیە هی قەزای خانەقینی ئەو پارێزگایەبوون بە (١٤,٠٧٠) گەڕاوە.

بە تێکڕا، لە ماوەی نێوان نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢، بە کۆی گشتی ٦ شوێن دەستنیشانکران کە تیایاندا هەموو گەڕاوەکان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین کە (٣,٢٦٤) گەڕاوە بوون لە هەر شەش شوێن دا. ئەمەش کەمبوونەوەیەک لە ژمارەی ئەو گەڕاوانە کە لە گەڕی پێشوو لە ماوەی نێوان کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٢ دا تۆمارکرابوو بە (٣,٥١٠) کەس. سێ لەو شوێنانەش لە پارێزگای سەڵاحەددین بوون لە قەزاکانی فارس (٨٢٨) کەس، تکریت (٧٨٠) کەس و بەلەد (٣٢٤) کەس، لەوکاتەی دوو لەو شوێنانە لە پارێزگای ئەنبار بوون، (٨٥٨) کەس لە قەزای ڕوومادی و (٢٩٤) کەسی لە قەزای قائیم-ی ئەو پارێزگایە بوون. یەک شوێنیش لە قەزای ناوەندی پارێزگای کەرکووک بوو بە (١٨٠) گەڕاوە.

شێوەی ٣: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی گەڕاوەکان




١ لەکانوونی دووەمی ٢٠٢١ جا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە: ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق دا: دووبارە پۆلێنکردنەوە بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە. ڕاپۆرتەکە پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی داتای لاوەکی بەستووە بۆ ئاگاداربوون لە پۆلێنکردن و دانانی چوارچێوەیەکی کار و تیشک خستنە سەر جۆرە جیاوازەکانی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان دەبنەوە لە گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵیان. ڕاپۆرتەکەش لەم لینکەی بەردەستە: https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

# ڕێباز ومیتۆدی ڕاپۆرت

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) چاودێریکردنی ئاوارەبوون و خستنەڕووی داتای دروستە دەربارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا. داتا لە ڕێگەی تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs) کۆدەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٠٠ ستاف لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە. داتا کۆکردنەوە بۆ گەڕی ١٢٦ لە ماوەی مانگەکانی نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢ بوو لە سەرانسەری ١٨ پارێزگادا.

داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان کۆکراوەتەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی دامەزراوی بەرفراوان کە ٩٥٠٠ زانیارپێدەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانەش سەرکردەی کۆمەڵگەکان، دەسەڵاتە خۆجێییەکان و هێزە ئەمنییەکان. هەروەها زانیاری دیکەش لە تۆماری داتای حکومەت و ئاژانسە هاوبەشەکان وەرگیراوە.

تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی داتای لە لیستی سەرەکی وەرگرتووە و ڕاپۆرتی دوو مانگ جارێکی لێ ئامادەکردووە. هەرچەندە، دەستگەیشتن بە داتا سنووردار بووە بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و پرۆسەکانی دیکەی سنووردانان کە دەتوانێت کاربکاتە سەر چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. گۆڕانکاری لە شێوە دەرخەرەکانی ئاوارەبوون بە دیدەکرێت لە نێوان ماوە جیاجیاکانی ڕاپۆرتەکان دا. هەروەها لەوانەیە گۆڕانکارییەکانی شێوەدەرخەرەکان بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی دیکەوە بێت، وەکو دەستنیشانکردنی بەردەوامی توێژ و گروپەکانی پێشووتری ئاوارەبووان و تێکەڵکردنی داتای ئاوارەبوونی دووەم لە ناوخۆی عێراق دا.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە و دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەکتێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

بۆ کارئاسانیکردنی شیکارکردن، ئەم ڕاپۆرتە عێراقی بەسەر سێ هەرێم دابەشکردووە: هەرێمی کوردستانی عێراق کە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەگرێتەخۆ، باشور کە پارێزگاکانی بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادیسیە و موسەننا دەگرێتەخۆ، ناوەڕاست کە پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغدا، دیالە، کەربەلا، کەرکووک، نەینەوا، سەڵاحەددین و واستن.

**حسابکردنی ژمێری بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:**

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٠وە (جەولەی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ وە. بۆ دروستترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ: CCCM Cluster

لە هەموو لیستە سەرەکییەکانی گەڕەکانی پێش (١١٧) لە (تمموز و ئابی ٢٠٢٠) دا، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپ بە لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ دیاریدەکرا، لەبەرئەوەی حسابکردنەکە جێگیرە لە نێوان گەڕەکانی ١١٧ بۆ ١٢٣، شیکارکردنی بەراوردکاری لە نێوان ئەم چوار وەجبە داتایە هیچ کاریگەری نابێت. هەرچەند، دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپەکان لە نێوان گەڕەکانی ١١٧ بۆ ١٢٦ بە هەریەکێک لە گەڕەکانی پێشووتر، کاریگەری دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لە پێداچوونەی شێوازی حسابکردن لە ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکەوە دەکرێت.

**جیاوازی لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان دا:**

تێبینی ئەوە بکە کە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی لیستی سەرەکی لەیەکتری جیاوازن هەر لە نیسانی ٢٠٢١ تا حوزەیرانی ٢٠٢٢. گەڕی ١٢١ (ئادار تا نیسانی ٢٠٢١)، گەڕی ١٢٣ (ئاب تا ئەیلول ٢٠٢١) کە هەریەک لە ڕپۆرتەکانی ئەم دوو گەڕە ڕووماڵی ماوەی دوو مانگی لەخۆگرتبوو، لە بەرانبەردا گەڕی ١٢٢ (ئایار تا تەممموزی ٢٠٢١) و گەڕی ١٢٤ (تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)و گەڕی ١٢٥ (کانوونی دووەم تا ئادار ٢٠٢٢) و گەڕی ١٢٦ نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢٢) هەریەکەیان ماوەی ڕووماڵی سێ مانگی لەخۆ گرتبوو. هەربۆیە، هەر شیکارییەکی بەراوردکاری نێوان داتا و ژمارەکانی ئەم گەڕانە لەگەڵ یەکتری دەبێت ڕەچاوی جیاواز کات و ماوەی گرتنەخۆی ڕاپۆرتەکانی تێدابکرێت.

**ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکە ئەم پێناسانە بەکاردێنێت:**

وەڵامدانەوەی هەموو ئەو کەسانە بە ئاوارەی ناوخۆیی هەژمار دەکات کە ناچار بە جێهێشتن کراون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ساتی ئەم هەڵسەنگاندنەش لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراق دا ئاوارەی ناوخۆن.

(DTM) هەموو ئەو کەسانەی کە لە وەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە ئاوارەبوون و دەگەڕێنەوە بە گەڕاوە هەژماردەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی بوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو گەڕاوانە گەڕاونەتەوە هەمان شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی خۆیان یان جۆرێکی دیکەی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون. پێناسەی گەڕاوەکان نە پەیوەندی بە پێوەرەکانی گەڕانەوە بە سەلامەتی و بە شکۆوە هەیە، نە پەیوەندیشی بە ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییە پێناسەکراوەکانەوە هەیە.

شوێنیش وەها پێناسەکراوە کە هاوتا بێت بە گوندێک یان ناوچەیەکی لادێی یان گەڕەکێک لە ناوچە شارییەکان (بەمانایەکی دیکە، چوارەم دابەشبوونی فەرمی کارگێڕی).

**گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە لیستی سەرەکی گەڕی ١٢٢ (ئایار-تەمموزی ٢٠٢١):**

لە گەڕی (١٢٢) دا، کە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ گرتبووەخۆ، گۆڕانکاری لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین کرا. ئەم گۆڕانکاریانەش لە هەموو کارەکانی لیستی سەرەکی گەڕی ١٢٢ و ١٢٦ (ئەم گەڕەی ئێستا) دا ڕەنگی داوەتەوە. گۆڕانکارییەکانیش بۆ خۆگونجاندن بووە تاوەکو بەرچاوڕوونییەکی زیاتر هەبێت لەسەر ئەو زاراوانەی کە بۆ جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ بەکاردێن، جیاوازبن لە جۆرەکانی شوێنی ئاوارەبوون. بۆ دڵنیابوونەوەش لە ڕێکخستن و گونجان لەگەڵ تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠).

**گۆڕانکارییەکانی جۆرەکانی ئەو شـوێنە حەوانەوانەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەوە:**

- "نیشـتەجێبوونە نافەرمییەکان" گۆڕدراوە بۆ "خێمە، کارەڤان،خانووی سـەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروسـتکراو"
- "پێکهاتە نانیشـتەجێییەکان" گۆڕدراوە بۆ "شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپی دیکە"
- "شـوێنی حەوانەوەی بەکۆمەڵ" گۆڕدراوە بۆ "بینایە گشـتییەکان یان شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵ"

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شـوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆ:**

- "نیشـتەجێبوونی ئاسایی" گۆڕدراوە بۆ "نیشتەجێبوون لە زێد"
- "کرێ" لابردراوە

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شـوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا ئاوارەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆر:**

- "کرێ" گۆڕدراوە بۆ "شـوققە یان خانوو (هی خۆی نییە)"

پوختەیـەک لەسـەر جۆرەکانـی شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوون لـەم ڕاپۆرتـەدا بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پێـدراوە. نیشـتەجێبوون لـە زێـد هەمـان ئـەو شـوێنە کـە گـەڕاوەکان بـەر لـە ئاوارەبوونیـان لێـی ژیـاون. ئـەو شـوێنە حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونانەی کـە لـە دۆخێکـی زۆرخراپـدان، بـۆ گـەڕاوەکان بریتییـە لـە: نیشـتەجێبوونی زێـد (بـۆ نیشـتەجێبوون ناشـێت)، خێمـە، کارەڤـان، شـوێنی حەوانـەوەی سـەفەری و کاتـی، خانـووی بـە قـوڕ یـان بلـۆک دروسـتکراو، بینـای تەواونەکـراو و جێهێڵـدراو، بینایـە گشـتییەکان، شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی بەکۆمـەڵ، بینـا ئایینیـەکان و بینـای قوتابخانـەکان. بـۆ ئاوارەکانیـش، ئـەو شـوێنە حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونانەی کـە لـە دۆخێکـی زۆرخراپـدان هەمـان ئـەو شـوێنە حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونانەی گـەڕاوەکان دەگرێتـەوە، جگـە لـە نیشـتەجێبوون لـە زێـد ناگرێتـەوە، هەروەهـا خانـوو و شـوققەش ناگرێتـەوە کـە هـی خۆیـان نیـن یـان بـۆ ژیـان ناشـێن.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیارییەکانـی نـاو ئـەم ڕاپۆرتـە، تەنها مەبەسـت لێـی زانیـاری گشـتین. ئـەو نـاو و سـنوورانەی کـە لـە نـاو پـەڕاوی تۆمـاری بەدواداچـوون ئـاوارەکان دایـە بـە واتـای پەسـندکردن یـان ڕەزامەندبـوون لـە لایـەن ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ نایـەن. زانیاریەکانـی پۆرتاڵـی تۆمـاری بەدواداچوونـی ئاوارەبـوون دەرئەنجامـی ئـەو داتایـە یـە کـە لەلایـەن تیمـە مەیدانییەکانـی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کۆچـەوە کۆکراوەتـە و زانیارییەکانـی حکومـەت و لایەنەکانـی دیکـە لـە عێـراق تـەواودەکات. دەبێـت ئاڵنگارییـەکان لەبەرچـاو بگیرێـن کاتێـک داتاکانـی تۆمـاری بەدواداچوونـی ئاوارەکانـی لـە عێـراق بەکاردێـن، لەوانـەش ناجێگیـری جموجوڵـی ئـاوارەکان هـاوکات لەگـەڵ ڕەوشـە تەنگەتاویـە لەناکاوییـەکان و سـنووردارابوونی دەسـتگەیشـتن بـە بەشـێکی زۆری وڵات. لـە هیـچ بارێکـدا، ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ (IOM) بەرپـرس نابێـت بـۆ هیـچ زەرەر و زیانێـک، جا ڕاسـتەوخۆ، ناڕاسـتەوخۆ یـان دەرئەنجامیـی بێـت، یـان پەیوەنـدی بـە بەکارهێنانـی ئـەم ڕاپۆرتـە و بەکارهێنانـی ئـەو زانیاریانـە بێـت لێـرەوە خراونـەڕوو. ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ لـە عێراق هەوڵـدەدات کـە ئەوەنـدەی بکرێـت ئـەو زانیاریانـە بـە دروسـتی بپارێزێـت، بـەڵام هیـچ بانگەشـەیەکیش بـۆ تەواوەتـی و ورد و دروسـتی و گونجاویەتـی ئـەو زانیاریانـەی نێـو ئـەم ڕاپۆرتـە ناکات- بەدەربڕیـن بێـت یـان بەواگەیاندنێـت.

بۆ زانیاری زیاتر، سـەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بکە بە تیمەکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom.int

## ڕێکخـراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی نووسینگەی کۆچ و پەنابەران و دانیشتوان (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی خۆی ئاراستەی ئەندامانی تیمەکانی بەدەمەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دیکەیان لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژوار ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.

ڕێکخـراوی نێودەوڵـەتی کـۆچ (IOM) ٢٠٢٢

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.